# مۆریس فارحی
# پیرێ بە سیازدە دڵی تەڕەوە

***دیدار مەسیفی***
dmasifi289@yahoo.ca



ژمارە سیازدە لە ئەزەلەوە بە نابووت رۆیشتوە ناوی، بۆیە تاوەکو ئێستا گەلێک لە تەلارە شووشەییە بەرزەکانی شاران لە پێوانی بەژنیان بەسەر ئەو ژمارەیەدا بازدەدەن، لە فڕگەی سکۆتلاند شوێنێک نیە بۆ ئەو ژمارەیە تا فرۆکەیەکی لێبنیێشێت، لە کوردەوایشدا زۆر لە دایکان کە تورە دەبن منداڵی هار و هاج بەم ژمارەیە بانگ دەکەن.

ئەو بێبەختیەی ژمارە سیازدە نازانرێت کە ئایا بە هۆی لە دایک بوونی زڕ کوڕێک بووە، خوێن تاڵ، بە ووتەی دوازدە کوڕەکەی یاقووب، یان هەڵاتنی مانگێکی بێکەس و دەرکراو بووە لە ساڵ وەک ئەی مانگەکەی بێکەسی شاعیر، یانیش ریخۆڵەیەکی کورت و کوێر، جاسووس بەسەر دوازدە گرێوە.

ئەو ووشە رێزکردنە هەر چۆنێک بێت بۆ وەسف کردنی ئەم ژمارەیە،سیازدە لە دوا رۆمانی مۆریس فارحیدا لە گشت ئەوانەی سەروو شاد و بەختەوەرترە، بگرە لە سیازدە شوێنی جیادا بە سیازدە شێوە خۆی دەنوێنێت. لە جێگایەکدا منداڵێکی تازە هەراشە لە پاڵ دایکیدا لە گەرماوی ژناندا دەگەڕێت و هەموو ووردەکارییەکانی جوانی لەشی ئافرەت بە بێ شەرم ئاشکرا دەکات و مانا بۆ یەکە یەکەیان دەدۆزێتەوە. لە شوێنێکی دیکە گەنجێکی تەمەن سیازدەساڵە و لەگەڵ ژنە شۆخێکی ئەستەمبۆلی دەخەوێت کە چەند ساڵێک لە ئەو گەورەترە و هەردەم لە دیداری سیازدەدا خۆی بە مورەبای گوڵ سواغ دەدات.

لە رۆمانەکەی مۆریس فارحیدا سیازدە دەبێتە ئەدەب دۆستێک بە ناوی ئاشق ئەحمەد کە نازم حیکمەت لە نزیکەوە دەناسێت و ئەویش وەک کارەکتەرێکی دیکە بە ناوی ئەسلان لە سەر پارێزگاری مافی کوردان زیندانی دەکرێت.

کەچی لە شوێنێکی دیکەدا سیازدە سەد و هەشتا پلە خۆی دەگۆڕێت و دەبێتە گەنجێکی جولەکە، دەستەمۆ و دەستەراست بۆ ئەتاتورک و هەرگیز لە یاداشتەکانی باس لە کوشت بری دێرسیم ناکات.

مۆریس فارحی لە ساڵی 1935 لە ئەنکەرا لە ماڵێکی جولەکەی تورک لە دایک بووە، دایکی لە سالۆنیکەوە لە ترسی زەبر و زەنگی نازییەکان لەگەڵ خێزانەکەیدا بەرەو تورکیا هەڵاتوون، لەوێدا باوکی مۆریسی ناسیوە. مۆریس فارحی تا بیست ساڵی لە ئەنکەرا و ئەستەمبوڵ ژیاوە، پاشان بەرەو لەندەن بۆ خوێندنی ئەدەبیات کۆچی کردووە و ئیتر نەگەڕاوەتەوە. مۆریس لە رۆمانی {گەنجی تورک} دا لە زمانی سیازدە کارەکتەری جیاوازدا کە زۆربەیان ناوی راستەقینەی کەسانێکی راستەقینەی سەردەمی هەرزەکاری ئەویان هەڵگرتوە لە تورکیا و لە زمانی ئەواندا چیرۆکێک دەگێرێتەوە کە پڕە لە رەنگ و رووداو. کارەکتەرەکانی وەک پێکهاتەی ئەو ووڵاتە سەر بە هەموو نەژاد و ئاین و کەلتورێکن کە لە گونجانی ئاشتیانەیان پێکەوە، هارمۆنیەتێکی وایان داوە بە خودی چیرۆکەکە کە زۆر جوانترە بەڵام ناکۆک لەگەڵ ئەو سەردەمەی نوسەر چیرۆکەکەی تێدا دەگێرێتەوە کە دەکەوێتە نێوان ساڵانی {1952-1939} سەردەمێک کە تورکیا لە نێو گەرمترین شەڕەکانیدا دەسووتا. مۆریس فارحی پێشتر چەندین رۆمان و شانۆگەری و ووتاری نوسیوە و لە چەندین کاری پیشەیی رۆڵی سەرەکی هەبووە. سەردەمێک سەرۆکی رێکخراوی پێنی ئینگلیز بووە و دوایش جێگری سەرۆکی ریکخراوی پێنی جیهانی. وە ئەو پیرە روو خۆشە هەردەم پارێزەر بووە لە مافی ئەو نوسەرانەی کە لە تورکیا و زۆر لە ولاتانی دونیا لە بەر بیر بۆچوون و رادەربڕین دەئاخرێنە ناو زیندانە تاریکەکان.

{منداڵانی پەلکەزێڕینە}کە تاوەکو ئێستا وەرگێراوەتە سەر چەندین زمان، یەکێکە لە کارە دیارەکانی فارحی، بەڵآم دەڵێت ئەو دواجار هاتووە وەک فاڵچیەک یاری بەختی خۆی لەگەڵ ژمارەکانی ئەو ساڵە تاقیکردۆتەوە کە تێیدا لە دایک بووە. وە کاتێک بینیوەتی کە لە خوێندنەوەی ساڵی 1935 دا بە چەند شیوەیەک ژمارە سیازدە دەخوێنێتەوە، ئینجا بڕیاری داوە حیکایەتێک لە زمانی سیازدە کارەکتەردا بگێڕێتەوە کە لە سیازدە چیرۆک پێکهاتبێت و سیازدە ساڵیش درێژەی هەبێت. بەڵام ئەوەی لەنگیەک سەبارەت بەم پێوانەیە نیشان دەدات ئەوەیە کە مۆریس فارحی رۆمانەکەی ناو نە ناوە {سیازدە گەنج} لە جیاتی {گەنجی تورک} بە تایبەت کاتێک گەنجەکانی ناو ئەم رۆمانە هەر یەکەیان سەر بە نەژاد و کەلتورێکن و هیچێکیان ئامادە نیە لەبە خاتری ئەم تایتلەی فارحی ناسنامەی خۆی بگۆڕێت. تایتلی دوا رۆمانی مۆریس فارحی هەر چۆنێک بێت و کامە کارەکتەر ناسنامەی بخرابایە پێش، هیچ لە جوانیەکانی ئەو رۆمانە ناگۆڕێت کاتێک پیرێکی وەک فارحی دێت و بە زمانێکی تەڕ و شیرینەوە باس لە پێکهاتە نەتەوەیی و کەلتوریەکانی وولاتی تورکیا دەکات.

*

من خەریک بوو لە جیاتی سیازدە، سێزدە بنووسم. وەک چۆن دەستەخوشکەکانی گازی دەکرێت. بەوەش دەمتوانی ئەو ژمارەیە بێبەختە لە ژێر کاریگەری ووشەی {سیا}فارسی و ململانێی نێوان دیالێکتەکانی زمانی کوردی رزگارکەم. بەڵام گووتم با کاری پارێزگاری لە ووشە بەدبەخت و پشتگوێ خراوەکان بۆ نوسەرێک بەجێبێڵم کە وەک فارحی بۆنی ناوچەچێتی لێ نەیەت. یەکێک کە هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی وەک هی خۆی خۆش بوێت!